# ئێران و پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

پۆلا ئەحمەد

دەوڵە تی ئێران زیاتر بەیەکێك لەو دەوڵەتانە دادەنرێت کە قاچێکی تەواوی دەوڵەتی شیعە مەزهەبی ناوچەی کەنداو دەوروبەری دادەنرێت نە سیاسەتی کۆنی سۆڤیەت کاری تێکرد نە هە یمەنەی ئەمەریکاشی قبوڵە جمهوری ئیسلامی کردۆتە چەترێك تاوەکو هە یمەنەی ئیسلامیزم ی شیعە بسە پێنێت ئەمیش ئاید ۆلۆژی بنەمای پنتی سەنتەری بیرکردنەوەی دەوڵەت لە ئێراندا پێك دە هێنێت بەلاّم خۆشبەختانە لە دوای کەوتنی ئاید ۆلۆژیاوە هیچ یەکێك لە دەوڵەتانی خۆ سە پێن یا دیکتاتۆری نەیتوانی مرۆڤ لە مەنگەنە بدات و ئاید ۆلۆژی بکاتە بەری بەڵکو گۆرانکارییە کان خێرا بون و قاچی دیکتاتۆری و ئایدۆلۆزیست بەرەو شکان چون بەم شێوەیە لایەنی کەم پەیوەستگیری نێو دەوڵەتی دروستبوو کە سەردەمی بلۆك گیری ئە م دیسپلینە نێو دەوڵەتیە کاری پێنەدەکراو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ڕۆژانە بو ئێستاکە ئێرانی ئایدۆلۆژی لەبەردەم چەندان ئەگەری ناوخۆی خرا پدا خۆی دەبینێتەوە کە لەزمەی تەواو دەداتە دەست دەوڵەتانی زل هێز ئەو ئەزمانە لەم دەوڵتە قوڵبکەنەوە ئەگەر دەوڵە تی ئیسلامی خۆی بە ناچاری چارەسەرییان بۆ نە دۆزێتەوە بێگومان ئیشارە تە سیاسیەکانی ئێران تا ئێستا هێندەی بەرەو کاولکاری دەڕوات بە ئاڕاستەی ئەمە بەرەو ئیسلاح ناچێت لە ئێراندا ئەزمەو کێشەی گشتی و تایبەتی هەیە یەکێك لەو کێشە تایبە تانە کێشەی کوردو داننەنانە بەمافی کوردا لەئێراندا ئەو ڕا پەڕینانەی شارەکانی کوردستان شایەتی ئەوەن کە دەوڵتی ئێران لەڕێگای دیموکراسیەتەوە یاخود بەمیکانیزمەکانی دیموکراسیەت کێشەی کورد چارەسەر ناکات بەڵکو سەرکوتکردنەکانی دەوڵەتی سەفەوی هەزار بارە دەکاتەوە هەروەها ڕادەر بڕین بەشێوەیەکی ئازادانە لە چوار چێوەی یاسایەکی مەدەنیدا لە ئێراندا بونیان نی یە ئەگەر بونی هەبوایە ئەوا مرۆڤی کوردی ئازاد یخواز لاشەکەیان بەشێوەیەکی وەحشی گەرانە فڕێ نەدەدا و سوکایەتیان بەگەڵیك نەدە کرد کە ناوی کوردە ئازاد یخوازانو نوسەران مافپەروەران لە ئێراندا لە پێشی پێشەوەی ئەو سەنگەرانەن کە دەوڵتی ئاغایەتی ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەریان لاتان نامۆ نەبێت لە پێناو بەر گرتن بەگۆرانکاری سیاسی دەوڵتی تاریکستان لافاوی خوێن هەڵدەستێنێت بەلاّم ئێران ئەوە نازانێت کو ڕوخانی عێراق و ئەفغانستان لە بنەوە هەڵی دە تە کێنێت پرۆزەی ئەمەریکا بەتەنها بۆ عێراق و ئەفغانستان نی یە کە چەند بەرژەوەندی خۆشی تیابێت ئێرانی پان ئیسلامیزم بەدەستی خۆی چاڵ خۆی هەڵدەکەنێت بەتەواوی دژی پرۆژەی خۆرهە لاّتی ناوەڕاستە کە ئەمەریکا پێشەنگی دەکات و هەناسەیەکی بۆ گەلانی بن دەست و چەوساوە تێدایە میللەتی ئێران بەگشتی ئەو کورەیەن کە گەرم بون ساردبونەوەیان زەحمەتە ئێران هەر ئێستاکە خەڵك لە دژی خۆی تاو دەدات هەروەکو ئەوەی بیەوێت ئەمەریکا چی بوێت ئەویش جێبە جیٚ بکات ئەگینا ئەوە چ سیاسەتێکی ئەحمەقانەیە بەبەرچاوی سیاسەتی نێو دەوڵەتیەوە کە ئەمەریکاش لە ناوچەکەیە هاولاّتیانی ولاّتی خۆت وەك سەردەمی ئەبوجەهل لە قەنارە دەدەی و بەدوای ماشێندا ڕایان دەکێشی ئایا؟ بەم ڕەفتارە ناشارستانیە دەوڵە تی ئیسلامیزم دەتوانێت خەونی مرۆڤە ئازاد یخوازەکان بکوژێ ئایا ؟ ئەم دەوڵە تە پرسیاری ئەوە لە خۆی دەکات مرۆڤەکانی ژێر دەسەلاّتی ئەو کە هەڵد ێن بۆ ئەوروپا بۆ ئەمەریکا توانیویەتی چارەکی ئەو دەوڵەتانە ماف بدات بە هاولاّتیانی خۆی بێگومان نا ئەی چۆن دەتوانێت لەبەرانبەر ڕقی پیرۆزی کوردو خەڵکی ئێران و ئەمەریکا خۆی بپارێزێت خۆ بە قەدەر عێراق پشگیریشی بۆ دروست نابێت لەلایەن دەوڵەتانەوە وەلاّمەکەی بۆ ئا ید ۆلۆژیستانی تاریکستانی ئیسلامی بەجێدەهێلین کە گۆرانێکی سیاسی حە تمی لەبەردەم دە وڵەتی چەقبەستو دایە چ بە پۆزەتبڤ یاخود بە نێگەتیڤ وەلاّم بدەنەوە دە وڵتی ئێران ناتوانێت خۆی لە م گۆرانکارییە سیاسیەی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست بد ز ێتەوە 0